سینەم بەدرخان «نەوەی بەدرخانییەکان»

# "دەتوانم بەدرخانییەکان کۆبکەمەوە، بەڵام سوودی چییە؟ هەستی کوردانە لەلای ئەوان نەماوە"



**دیداری ئەحمەد و هێمن**

● بەدرخانییەکان بنەماڵەیەکی رۆشنبیرن‌و میراتگری (میرنشینی بۆتان)ن، ئەم بنەماڵەیە لە مێژووی ١١٠ ساڵەی رابردووی کورددا، رۆڵێکی مەزنیان گێڕاوەو شوێنەدەستیان بەسەر کایەی رۆشنبیری کوردییەوە تەواو دیارە. بە ئەندازەی گەورەییان، تووشی چەوساندنەوە هاتوون‌و لەئێستاشدا پەرش‌و بڵاون، بەڵام ئێستاش لەناو ئەم بنەماڵەیەدا کەسانێك هەن کە دەیانەوێت بەشداربن لە گەشەپێدانی رۆشنبیریی کوردییدا، خاتوو سینەم بەدرخان یەکێکە لەو ژنانەی تا هەنووکەش بە نەفەسێکی بەدرخانییانەوە بیردەکاتەوەو دەیەوێت وەك ژنێکی هۆشیاری ئەو بنەماڵەیە شوێنەدەست لەسەر رۆشنبیری بەجێبهێڵێت.

سینەم بەدرخان، دەربارەی بنەماڵەی بەدرخانییان، بەمشێوەیە بۆ لڤین دوا "ئەوەی لە زاکیرەی منداهەیەو لە باوکمەوە وەرمگرتووە، ئەوەیە؛ دوای دەرکردنمان‌و ئاوارەبوونمان لە ساڵی ١٩٠٣، لە زاخۆوە بەرەو ئەستەنبوڵ‌و جەزیرە گەڕاینەوە کە ئەمە بۆ من شتێکی گەورە بوو، لەوێ خەڵکی زۆرمان لێکۆبوویەوەو لەترسی سەربازی تورکی، هەر زوو ئەوێمان بەجێهێشت".

میرو پاشاکان بەردەوام لە بیری ئەوەدان کە رۆژێك دیسانەوە سەردەمی میرنشینی بێتەوە، سینەم بەدرخان دەڵێت: "ئێستا سەردەمی میرنشین‌و شتی وا نەماوە، من حەزدەکەم ئەمارەت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە خەونەو بڕواناکەم بێتەدی، هەرچەندە حەزدەکەم بگەڕێتەوەو بەناوی بەدرخانییەکانیشەوە بێت، بەڵام ئەمە لە سەدەی بیستویەکدا خەونەو نایەتەدی".

ئەو دەڵێت: "سەرۆکی شارەوانی جەزیرەو بۆتان لەسەر توانای خۆی مەزاری بەدرخانییەکانی وەك مۆزەخانەیەك لێکردووە، لەوانەشە سەربازانی تورك، ئەو ناوچەیە جێبهێڵن. بۆ نموونە؛ یونسکۆ ٦٧٠ هەزار یۆرۆی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی گۆڕی مەم‌و زین بکرێتە شوێنەوارێکی گەورە. ئومێدم وایە ساڵێکی دیکە بچین ئەو جێگایەو بە ئازادی بیبینین. لەدوای ئەمیرەکانی بۆتان، بەدرخانییەکان ئەو کەسانەن کە لەوانەوە مێژوویەکی نوێ دەستپێدەکات، بەوەی کە رابەری مێژووی رۆژنامەگەریی کوردین، بەڵام بەداخەوە ئێستا پەرش‌و بڵاون. ئەو رۆژە مامۆستا شێرکۆ بێکەس زۆر جوانی وت کە ئەنفالکردن لە بەدرخانییەکانەوە دەستپێدەکات".

بەدرخانییەکان لە بنەماڵەیەکی گەورەو تۆکمەوە بۆ بنەماڵەیەکی پەرتەوازەو بێناسنامە.

سینەم بەدرخان تاکە ژنی بەجێماوە لە رێبازی بەدرخانییەکان، بەمجۆرە دەدوێت: "راستە بەدرخانییەکان زۆرن، ئێستا لە تورکیا ٣٠٠ ماڵی بەدرخانی هەیە، مستەفا کەمال ناوی ئەوانی گۆڕیوە، بەدرخانییەکان هەندێکیان چوون بۆ فەلەستین‌و لەگەڵ عەرەب تێکەوڵاو بوون، هەندێکی تریان چوون بۆ لوبنان، لوبنانییەکان نەیاندەزانی کورد هەیە، ئێستا خزمی من هەیە لە لوبنان خۆی بە تورك دەزانێت. لە عەممانیش بەدرخانی هەن‌و دەڵێن ئێمە بەدرخانین، بەڵام کوردی نازانین. لە میسریش ئەحمەد بەدرخان‌و عەلی بەدرخان هەیە. جارێك عەلی بەدرخانم بینی، وتی: (کوردی نازانم)".

سینەم بەدرخان، لەسەر هۆکاری پەرتەوازەبوونی بەدرخانییان دەدوێت‌و ئەوە ناشارێتەوە کە دەتوانێت کۆیانبکاتەوە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت: "لەپێناوی چی؟"و زیاتر لەمبارەیەوە قسەدەکات "من دەتوانم بەدرخانییەکان کۆبکەمەوە، بەڵام سوودی چییە، شعورو هەستی کوردایەتی لەلای ئەوان نەماوە، بەدرخانییەکانی ئوردن خۆیان بە کورد نازانن‌و پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەیە، ئەوانەی عەممان دایکیان بەدرخانییە، باوکیان خاڵی مەلیك غازی بووە، مەلیکی عێراق. کچی

مامم، شووی به خاڵی مەلیك حسێن كردووه، بەمجۆره هەریەكەو شووی به یەكێك كـردووه، یەكێك به عـەرەب و یـەكێكی تـر بـه كـوردو یەكێكی تر به تورك، ئێستا نـەوەكانی عوسـمان پاشا خۆیان به نەوەی عەرەب دەزانـن و دەڵـێن دایكمـان كـوردەو بـەدرخانی بـووه، كەچـی منداڵەكانیان خۆیان به عەرەب دادەنێن".

سینەم بەدرخان، لەسەر پەرتەوازەبوونی خۆیو بنەماڵـەكـەی بـۆ شـاری بەغـداد، بـەمجۆره بـۆ گۆڤاری لڤین دوا "من لـه سوریا گەوره بـووم و لـەوێ خوێنـدنم تـەواوكردووه، لـه سـاڵی ١٩٦٠دا شـوومكردو هـاتم بـۆ عێـراق و مێردەكەم عێراقی بوو و له كۆمپانیـای نـەوت كاریدەكرد. له ساڵی ١٩٧٠ لـه سـاتەوەختی بـەیانی ١١ی ئـازاردا لـه یـەكێتیی ئافرەتـان كارمكردووه. بـه داهـاتێكی زۆر كەمـەوه لـه كەركوك كاری باشمان كرد، له كاتی داخستنی لقی سێ له كەركوك، ئێمه كاری ئەوانیشـمان دەكـرد، لـەدوای ١٩٧٤ لـه كـەركوك دەریانكردین و چووین بۆ بەغداد".

سینەم خان، لەسەر پەیوەندیی خۆی بـه حیزبـه كوردییـەكان و سـەركردەكانیانەوه دەدوێـت "پەیوەندیم لـەگـەڵ بـارزانی زۆر باشـبوو، لـه ساڵی ١٩٧٠دا كاتێك مامم دكتۆر كامـەران و خێزانەكەی هاتن بۆ كۆنگرەی پارتی، لـەبیرمـه بـارزانی خوالێخۆشـبوو لـه كۆبوونەوەیـەكی گەورەدا، خاكییانه وتی (من سەرۆكی كوردان نیم، كامـەران بـەدرخان سـەرۆكی كـورده). لەگـەڵ بـارزانی خوالێخۆشـبوودا پەیوەنـدیی خێزانیمان هەبوو. بۆ دواجار بارزانیم له سـاڵی ١٩٧٤ بینی. من كوردسـتانیم، نـه پـارتیم نـه یەكێتیی، پەیوەندییـەكی زۆر باشیشـم لـەگـەڵ بـەڕێز مـام جەلالـدا هەیـه، مـن حیسـابی براگەورەی بۆ دەكەم، هەرچەنده بەتەمەن زۆر له من گەورەتر نییه، ساڵی ١٩٥٧ لـه سـوریا هات بۆ لامان، هەر بەڕێز مـام جـەلال لەگـەڵ حەمیـد دەروێـش و كـەمال بۆرقـایی، مـەزاری بەدرخانییان لـه شـاخ نـوێكردەوەو تـا مـردن سوپاسیاندەكەم، هەر بەهاوكاریی مـام جـەلال، لەساڵی١٩٨٨كتێبخانەی بەدرخانیان كردەوه"

## ڕوونكردنەوەیەك له بەرزان ئەحمەد كوردەوه

له ژماره (٥٠)ی گۆڤاری (لڤین)دا چاوپێكەوتنێكم لەگەڵ كرا له وەڵامی چەند پرسیارێك سەبارەت به كاك بابەكر دزەیی بەشێوەیەكی تر لێكدراوەتەوه، هەربۆیه من وەڵامی پرسیارەكەی سەبارەت به كاك بابەكر دزەیی بەم شێوەیەی خوارەوه روون دەكەمەوه:

له پرسیارەكەدا واهات كه كاك بابەكر دزەیی و چەند سەد كەسێك وازیان له (ی.ن.ك) هێناوەو له كۆمپانیای وشه كاردەكەن، منیش مەبەستم له وەڵامەكه ئەوەبوو كه كاك بابەكر دزەیی ئەندام مەكتەبی بیرو هۆشیاری بووه، (١٠) ده كەسیشی لەگەڵ نەچۆته كۆمپانیای وشه.

هیوادارم بەشێوەیەكی تر وەڵامی پرسیارەكەم لێكنەدرێتەوه.

بەرزان ئەحمد كورده

٢٠٠٧/٣/٢٥

## پیرۆزبایی

به ناوی ستافی گۆڤاری (لڤین)ەوه، پڕبەدڵ پیرۆزبایی له هاوڕێی خۆشەویستمان كاك هێمن باقر جێگری سەرنووسەری گۆڤاری لڤین دەكەین، به بۆنەی دەرچوونی وەك لاوی ساڵ له بواری (چالاكیی لەپێناو یەكسانی)دا، له فیستیڤاڵی ساڵانەی وەزارەتی وەرزش و لاوان. به ئومێدی پاشەڕۆژێكی گەش و ئایندەیەكی پڕ داهێنان و ژیانێكی نوێتر.

ستافی گۆڤاری لڤین

## پرسەنامه

به ناوی ستافی گۆڤاری (لڤین)ەوه، له ناخەوه به كۆچی دوایی نـاوادەی مـەرگی نووسـەرو رۆشنبیرو مامۆستای زانكۆ (ئەكرەم عەنەبی) خەمبارو دڵتەنگ بووین، كۆچی دوایـی مامۆسـتا ئەكرەم بۆ ئێمه له گۆڤاری لڤین خەمهێنەرو پڕسوێ بوو. بەم بۆنەیەوه، پرسـەو سەرەخۆشـیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی مامۆستاو سەرجەم دۆست و هاوڕێیان دەكەین. داواكارین له خودا بەهەشت دوا مەنزڵی بێت .

ستافی گۆڤاری لڤین

## تۆڕی ڕێكخراوەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕاگەیەنرا

ئێمه وەك كۆمەڵێك له ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری سلێمانی لەبـەرواری ٢٠٠٧/٤/٤ پاش گفتوگۆ و تاوتوێكردنی پرۆژه پێشنیارێكی ڕێكخراوی ( گرین بۆ ڕاهێنـانی مەدەنی ) و (سەنتەری گەشـەپێدانی چـالاكی لاوان) بـۆ پێكهێنـانی تۆڕێـك بـەناوی ( تـۆڕی ڕێكخراوەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) بڕیارماندا بەپێكهێنانی ئەو تـۆڕه بـەئامادەبوونی نوێنەری (١٧) ڕێكخراو، ئامانجی سەرەكیمان له پێكهێنـانی ئـەو تـۆڕه ڕووبـەڕوو بوونـەوەی گەندەڵییـه بەشـێوازێكی مەدەنیانـه و كـاری پێكـەوەیی و وشـیار كردنـەوەی جـەماوەر لـه مەترسیەكان و كاریگەریه نەگەتیڤەكانی گەندەڵی و هەوڵـدانی بـۆ چارەسـەركردنی كێشـه و گیروگرفتـەكانی خـەڵكی كوردسـتان و هـەنگاونان ڕووه و مەدەنیـەت و گەشـەپێدانی كۆمەڵگاكەمان. داوا له گشت چین و توێژ و دەزگا و ڕێكخراوەكان و پێكهاتەكانی كۆمەڵگا دەكەین كه هاوكاریمان بكەن له بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەدا و بەشدار بوون له پرۆژەكانی تۆڕەكەماندا.